عەلی مەحمود:

پارتەکان زیاتر هەلەبجە وەك دوکانیك بەکاردەهینن

ئا/ ئاسۆ

ناوەندی هەڵەبجە یەکێکە لە ڕێکخراوە سیاسییە ناحکومییەکانی کورد لەدەرەوەی وڵاتو ئەم ڕێکخراوە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن چەند ڕۆشنبیرێکەوە دامەزرێنراوە، بۆ زیاتر ناساندنی ناوەندەکە ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ بەڕێز کاك (عەلی مەحمود محەمەد)ی سەرپەرشتیاری گشتی ناوەندەکە سازدا، کەئێستا بەسەردان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان.

نیۆوەند: سەرەتا باسێکی کورتی ناوەندەکەتان بکەن.

عەلی مەحمود: ناوەندی هەڵەبجە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ دامەزرا هەر لەسەرەتاوە بەخۆپیشاندانێکی جەماوەریی گەورە لەناوەندی ئەورووپا دەستمان پێکرد ئەویش لەشاری (کۆڤن هاگن)ی پایتەختی دانیمارك بوو بۆ دادگایی کردنی نزار خەزرەجی، خەڵکێکی زۆر تیایدا بەشدارببو هەر هەمان ساڵ لەزۆر وڵاتی دیکەدا لەیادی کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالدا کۆڕو سیمینارو خۆپیشاندانو کۆنفرانسمان ئەنجامدا، لەوکاتەوە ناوەندی هەڵەبجە لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپا لۆبی بەشی هەیەو لەدوو وڵاتدا مۆڵەتی ڕەسمی هەیە، لەکەنەداو ئوستراليا و ئەمریکا، تەنانەت لەخۆرهەڵاتی کوردستانیش لقمان هەیەو توانیومانە کێشەی ئەنفالو جینۆساید بەرینە ناو بەشێك لەپەرلەمانی وڵاتەکانی ئەوروپاو لەگەڵ پەرلەمانتارو سیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتانە لەسەر ئەو کێشانە قسەو باس بکەینو کار لەچەندین کێشەی هەستیاردا بکەین، وەك کێشەی نزار خەزرەجیو (فرانس ڤان برانت) کە لەم ڕۆژانەدا گوێبیستی هەواڵی گرتنی بوون، ئەمە ئێمە ساڵێك دوو مانگە کاری تێدا دەکەینو دەمانەوێ لەڕێگەی گرتنی ئەو تاوانبارانەوە تەواوی ئەو کۆمپانیایانەی کەبەعس بازرگانی لەگەڵدا کردوونو چەکی لێکڕیوون خەتەکانی بدۆزینەوەو دادگایی بکرێن.

نیۆوەند: ناوەندەکەتان لەباشوری کوردستان هیچ بنکەو لقێکی نییە ئایا کارناسانیتان بۆ نەکراوە یان ڕێگەتان لێگیراوە لەکردنەوەی لق لەباشور؟

عەلی مەحمود: هۆکەی هۆی ماددی بووە، ئێمە لەسەرەتای ڕوخانی سەدامدا وەك ناوەندی هەڵەبجە خۆپیشاندانێکمان لەشاری بەغداد ڕێکخستو ئیمکانیەتێکی باشمان لێ خەرجکردو لێرەو لەوێش چالاکیمان هەبووە لەکوردستاندا، بەڵام وەك بارەگا لەبەر بێ ئیمکانیەتی ماددی نەمانتوانیووە بارەگامان هەبێ، چونکە ئەو ڕێکخراوانەی کە لەباشوری کوردستاندا هەن ئەگەر پاشکۆی حیزبە سیاسییەکان نەبن هیچ یارمەتییەکی ماددیان بۆ تەرخان ناکرێ، بۆیە ئەو ڕێکخراوانەی کە سەربەخۆن ئیمکانیەتی مادی ئەوەندەیان نییە بتوانن بارەگایەك بکەنەوەو فەرمانبەریان هەبێو کارەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بچێتە پێش، ئێمەش وەك ئەو ڕێکخراوە سەربەخۆییانەی دیکەین کەتوانایان نییە.

هەر ئەو ئیمکانیەتە ماددییەی هەمانە توانیومانە بۆ چالاکییەکانی دەرەوە بەکاریهێنین هەموو ئەو ئیمکانیەتە ماددیانەش خۆمان دابینی دەکەین بەیارمەتیو کۆمەکی خەڵك، تا ئێستاش نەمانتوانیوە لەدەوڵەتەکانی دەرەوە هاوکاری وەربگرین چونکە سااڵێکە مۆڵەتمان وەرگرتووە، بەداخەوە ئێمە لەکاتێکدا مۆڵەتمان وەرگرت کەیارمەتیو بودجەی ئەو دەوڵەتانە بۆ ڕێکخراوەکانی گەلانیتر کەم بۆتەوە، بەتایبەتی ئێمە کاری سیاسی دەکەین ئەوان زیاتر یارمەتی ئەو ڕێکخراوانە دەدەن کەکاری کلتوریی دەکەن، بۆیە کارەکانی ئێمە لەبەرئەوەی کاری سیاسی بووە زیاتر ئەو ئیمکانیەتەی دابین دەکرێ لەگیرفانی خۆمان بووە.

نیۆوەند: پێتان وا نیە بەپێتاك کۆکردنەوە کارەکان کەمتر بەڕێوە دەچن بەتایبەتی نێوە لەهەوڵی نەوەدان تاوانبارانی بازرگانی چەکی کیمیایی بدەن بەدادگا؟.

عەلی مەحمود: بۆ ئەم کارەی کەئێستا لەهۆڵەندا ئەنجاممان داوە بۆ دادگایی کردنی (فرانس ڤان بزانت) تائێستا پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندیو چەند ڕێکخراوێکی خێرخواز دوانزە هەزار یۆرۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەو تائێستا هێشتا بەردەوامن لەوەی بودجەی زیاتری بۆ تەرخان بکەن.

ئەوان ئەو کۆمەکەیان کردووینو ئێمە لەبەرئەوەی زیاتر گرنگی بەکاری مەکتەبی نادەین کەنووسینگەیەکت هەبێو فەرمانبەرت هەبێتو بەشێوەیەکی تەقلیدیی کاری ڕێکخراوەیی بکەین لەبەرئەوەی ئێمە زیاتر دەتوانین کارەکانمان لەپێگەی ئینتەرنێتەوە دابین بکەینو پەیوەندیو کۆبوونەوەکانمان ڕێك بخەین، بۆیە کەمتر مەسرەف لەو شتە بێرۆکراتیانەدا دەکەین، بەڵکو ئەو ئیمکانیەتە ماددییەی کەهەمانە لەبواری پراکتیکیدا زیاتر بەکاریدەهێنین، بۆ نموونە لەئێستاوە خۆمان ئامادە کردووە یادی کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال لەهەموو وڵاتانی ئەورووپا بکەینەوە، وە ئێمە هەر بەکوردستانی خۆشمانەوە ڕانەوەستاوین بەڵکو چالاکترین ڕێکخراو بۆ کارەساتی قامیشلۆو عامورەدا چالاکی کرد ناوەندی هەڵەبجە بووە، بۆ ناردنەوەی (نوریە کەسبیر) خۆپیشاندانی چەند هەزار کەسیمان ئەنجامدا، بەهەرحاڵ ناوەندی هەڵەبجە تائێستا چالاکترین ڕێکخراوی کوردی بووە لەهەندەران و بەنیازین بەگوڕو تینەوە لەکارەکانمان بەردەوام بین.

نیۆوەند: پارتیو یەکێتی زۆر گرنگی دەدەن بەهەڵەبجە وەك ڕیکلام نایا نێوە داواتان لێکردوون لەو بوارەدا یارمەتیتان بدەن؟ نەگەر داواتان لێکردوون هەڵوێستیان چۆن بووە؟

عەلی مەحمود: ئەو حیزبە سیاسیانە زیاتر وەك دوکانێك هەڵەبجە بەکاردەهێنن، و بازرگانی پێوە دەکەن، ئێمە بانگەوازمان بڵاوکردەوەو سااڵێکە دوو مانگ تەنیا یەك کەسی خۆرهەڵاتی کوردستان نەبێ کە ٥٠ یۆرۆ کۆمەکی کۆمیتەکەی کرد ئەگینا هیچ کەسێکیترو هیچ حیزبێکو لایەنێك نەبووە یارمەتی کۆمیتەکە بدات.

ئێمە ئەو بانگەوازەمان چەندین جار بڵاوکردۆتەوەو لەڕۆژنامەکانیشدا بڵاوکرایەوە هەموو زانییان بەڵام گرنگیان پێ نەدا، ئەو حیزبە سیاسیانە هەر شتێ ڕێکخراوەو ڕێکخستنەکانی خۆیان نەیکەن گرنگی پێ نادەن! بەداخەوە.

نیۆوەند: دوا وشەت بۆ ڕۆژنامەی (نیۆوەند)

عەلی مەحمود: هیوادارم ڕۆژنامەیەکی نازاد بێت، هەموو بیرە سیاسییەکان بتوانن بەنازادانە بیروڕای خۆیانی تێدا بڵاوبکەنەوە.

رائید مەحمود عەلی (خولە کاراتی)

لە هەوڵێکی تیرۆرکردن رزگاری بوو

ئا: دیلان قاسم ـ بەغداد

رائید (مەحمود عەلی) ناسراو بە (خولە کاراتی) ڕائیدی پێشووی پۆلیس لەشاری سلێمانی ئێستا وەك ئەفسەر لەدەزگای ئیستخباراتی عێراقی کاردەکات، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لەشاری بەغداد لەلایەن چەند چەکدارێکەوە هەوڵی تیرۆرکردنیدرا، بۆ ئەو مەبەستە لەشاری بەغداد ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ ناوبراودا سازدا:

نیۆوەند: دەکرێ پێمان بڵێیت چۆن پەیوەندیت کرد بەدەزگای نیستخباراتی عێراقەوە؟

رائید مەحمود: لەڕاستیدا من کە ئەم کارەم هەڵبژارد، هاتم لەبەغداو دەوامم کرد بەهۆی کەسوکاری کاك (حسێن عەلی کەمال)، وە بوو کەئێستا جێگری پێشکەوتووی وەزیری ئیستخباراتی عێراقە، پیاوێکی زۆر لێهاتوو، بەتوانایە، جێگەی باوەڕو متمانەی حکومەتی عێراقو بەرپرسانی عێراقییە، جگە لەوە ئەمریکییەکان زۆریان خۆش دەوێت و زۆر ڕێزی لێدەگرنو ڕۆژانە چەندین جار کۆبوونەوەی لەگەڵ دەکەن، منیش بۆ زیاتری پاراستنی ژیانی ئەو پیاوە ئەم کارەم هەڵبژارد چونکە لەلایەن کاك (عەبدوڵڵا پاڵەوان) مامی کاك (حسێن) تەکلیف کرام کەوا من بێم ئاگام لێی بێ، هەم بەرپرسی پاسەوانەکانیمو هەم لەنووسینگەی تایبەتی ئەوم، وە زۆر گرنگی پێ داومو منیش لەکارەکانم لەگەڵیدا سەرکەوتووم.

نیۆوەند: ئایا دەتوانیت باسی چۆنێتی هەوڵی تیرۆرکردنتان بکەیت؟

رائید مەحمود: بەنیسبەت ئەوەوە چەند شەوێك لەمەوپێش ویستیان بمفرێنن، کەسێ کەس بوون سەر بەسوپای مەهدی بوونو ماڵیان لە (مدینە الصدر) بوو، من بەهۆی ئەوەی پلەی یەکەمم هێناوە لەکاراتیو کۆنفۆ لەسەر ئاستی عێراقو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تایبەتمەندییەکم هەیە کەدەڕۆم بەڕێگادا بەڕۆژ بێ یان شەو لەدەقیقەیەکدا سێ تا چوار ئاوڕ دەدەمەوە بۆ دوای خۆم، تا بزانم کەس لەدوام نییە، ئەو شەوەش کە کاك (حسین) مان بردەوە بۆ قەسر خۆم گەرامەوە بۆ مالی خۆیو بەشەقامی (بغداد الجدیدە) داهاتم، هەستم کرد ئۆتۆمبیلیك لەدوامەوەیە کەبوارم دەدا بروات نەدەڕۆی کەدەمویست پێش بکەوم بواری نەدەدا، بەم شیوەیە ڕۆیشتم دوایی ئۆتۆمبیلەکەم بردە گەراج کە ٣٠٠–٤٠٠ مەتر دوورە لەو شوینە لیی دەخەوین ئۆتۆمبیلەکە لەدوور وەستاو منیش بەپێ ڕۆیشتم کە هەنگاومنا ١٥–٢٠ مەتریك ڕۆیشتم دووبارە دوامکەوتن زۆر بەهیواشی دەهاتن بەپیی مندالیك دەهاتن، من وەستام سەیرم کرد نەهاتن، ئیتر زانیم من ئامانجم بۆ لەناوبردن، بۆیە دەمانچەکەم حازرکرد بەردەوام شەوانە فیشەکیشی لەبەردایە و لەگیرفانم دایدەنیمو لەلاقەمدا نییە هەتا کەدەچینە ناو بازاریش هەر لەگیرفانماندایە، لەو کاتەدا لەنزیك مالەوە ڕاوەستام ئەوانیش بەخیراییەکی زۆر هاتنە بەردەمم و وەستان یەکیکیان وتی (اصعد) منیش وتم (وین اصعد) وتی (اصعد واسکت) ئەوان سێ کەس بوون دوانیان دەمانچەیان پێ بوو ئەویتریان کلاشینکۆف، لەکاتیکدا یەکیکی پیشەوە ئاوڕی دایەوە بۆئەوەی دواوەو پیی وت سەریخە من فورسەتم لی هینانو دەمانچەم دەرهێناو تەقەم لیکردنو دوانیان کوژرانو دانەیەکیان بریندار بوو، ئۆتۆمبیلو چەکەکانیشیانم گرتو بردم بۆ دائیرەو لەوی لەلایەن وەزیری ناوخۆو کاك (حسین)ەوە زۆر دەستخۆشیم لیکراو دواتر بەسێ سەیارە پاسەوانەوە بەرییان کردم.

نیوەند: ڕیژەی کورد چەندە لەسلکی هەواگریدا؟

رائید مەحمود: ئیمە لەبەشی ئیتسخبارات کوردمان کەمە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کاك (حسین عەلی کەمال) کە جێگری پێشکەوتووی وەزیری ئیستخبارات لەپلەو پایەیە دانراوە جیگەی سەربەرزیو شانازییە بۆ هەموو کورد، چونکە کاك (حسین) زۆر بەتواناو لیهاتووەو سەرکەوتنی تەواوی بەدەست هیناوە، و ڕۆژانە کاك (مەسعود) و چەندین بەرپرسی گەورەی عیراق هەوالی سەلامەتی عێراق تا کاتی هەڵبژاردنەکان باری ناسایشی عێراق نارام دەکاتەوە؟

رائید مەحمود: باری ئاسایش زۆر بەباشی دەتوانرێ رابگیرێ، بەرنامەی زۆرباش دانراوە، دوای ئەوەش ئێستا کە ئەمریکاییەکان دەست ناخەنە هەندێ ئیشوکاری عێراقییەکانەوەو دەیانەوێ عێراق خۆی ئازادبێو خۆی حکومی خۆی بکاتو خۆی بەرپرس بێ لەکاروباری ئاسایش، بەڵام دوا بەدوای دامەزراندنی ئەم حکومەتە نوێیە لەئاگاداریی خۆمەوە دڵنیاتان دەکەم کەبەرنامە بەدەستەوەیە ئەو کەسەی کەتەنانەت قەباغە فیشەکێك لەمالیدا بگیرێ زۆر بەباشی لێپرسینەوەی بەرامبەر دەکرێو سزای زۆر گەورەی دەدەنو بەهەموو شێوەیەکیش کاری تیرۆریستی بنبڕ دەکرێ.

عێراق تا کاتی هەڵبژاردنەکان باری ناسایشی عێراق نارام دەکاتەوە؟

رائید مەحمود: باری ئاسایش زۆر بەباشی دەتوانرێ رابگیرێ، بەرنامەی زۆرباش دانراوە، دوای ئەوەش ئێستا کە ئەمریکاییەکان دەست ناخەنە هەندێ ئیشوکاری عێراقییەکانەوەو دەیانەوێ عێراق خۆی ئازادبێو خۆی حکومی خۆی بکاتو خۆی بەرپرس بێ لەکاروباری ئاسایش، بەڵام دوا بەدوای دامەزراندنی ئەم حکومەتە نوێیە لەئاگاداریی خۆمەوە دڵنیاتان دەکەم کەبەرنامە بەدەستەوەیە ئەو کەسەی کەتەنانەت قەباغە فیشەکێك لەمالیدا بگیرێ زۆر بەباشی لێپرسینەوەی بەرامبەر دەکرێو سزای زۆر گەورەی دەدەنو بەهەموو شێوەیەکیش کاری تیرۆریستی بنبڕ دەکرێ.

ناوی کاندیدەکانی لیستی بێلایەنەکان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

١-د. فەرهاد پیرباڵ
٢-د. دڵشاد گەنجۆ
٣-سالح بریخت
٤-تەڵعەت نادر
٥-د. فەرەیدون ڕەفیق حیلمی
٦-د. جەمال عەبدولکەریم فوئاد.
٧-د. ئیحسان فوئاد.
٨-د. ئومێد نوری.
٩-د. ئیبراهیم خورشید
١٠-کەریم جومعە جوبرائیل
١١-جەمال بەکر قەساب
١٢-سەربەست تۆفیق قەزاز
١٣-فەوزی ڕەفیق حیلمی
١٤-سالح موراد عیدۆ
١٥-لوقمان حەکیم ڕەحیم
١٦-حسێن ئیبراهیم حەمو
١٧-محەمەد باقی سەعید
١٨-جەبار ئەحمەد سابیر
١٩-بەهادین نوری
٢٠-کەریم غەفور (کەریمۆك)
٢١-کەمال ڕەئوف ڕەحیم
٢٢-تەحسین سابیر
٢٣-عەلی شەونم
٢٤-ڕزگار کەریم محەمەد
٢٥-پەروین عەبدولەجید گلی
٢٦-تەرزە فایەق ئەحمەد.
٢٧-پەروین محەمەد ئەمین عەلی.
٢٨-هەڵاڵە سەلاح ئەحمەد.
٢٩-نیان عەلی ئەحمەد.
٣٠-فەزیلە ئیبراهیم سالح.
٣١-ئاشتی عەزیز سالح.
٣٢-ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسول
٣٣-دڵسۆز مەحمود تاهیر
٣٤-ڕوناك عەبدولەجید بەرزنجی
٣٥-ساکار محەمەد عەبدولسەلام
٣٦-ئەنوەر غەریب سالح
٣٧-کامیل محەمەد مستەفا
٣٨-غەنی ڕەشید نانەوا.
٣٩-جەمال ڕەئوف